# ئازادی ئافرەتان لەهەڵبژاردنی هاوسەردا

[ kurdish – کوردی – كردي ]


## شێخ محمد جمیل زینو

وەرگێڕانی: ئومێد عمر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1436

IslamHouse.com

# حرية المرأة في اختيار الزوج

« باللغة الكردية »


محمد بن جميل زينو

ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2014 - 1436

IslamHouse.com

# ئازادی ئافرەتان لەهەڵبژرادنی هاوسەردا

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕێزێکی زۆری ناوە لە ئافرەت، و مافی ئەوەیشی پێداوە کە بە ئازادی خۆی هاوسەری ژیانی هەڵبژێرێت، و ڕێزیشی ناوە لەوویست وئیرادەی، وئەو سات و هەڵوێستەش یەکێکە لەساتە زۆر ناسك و هەستیارەکانی ژیانی، چونکە پەیوەستە بە پاشەڕۆژیەوە، ئەو ڕێزەیشی کە ئیسلام ناویەتی لەئافرەتان لەم بوارە بەڕوونی بەدیار دەکەوێت : -

مۆڵەت وەرگرتن لە بەشوودانیدا : ئاینی پیرۆزی ئیسلام مافی داوە بە کچان کە سەرپشك بن لە هەڵبژاردنی هاوسەرگیریدا،

ئەویش بە بەڵگەی ئەم ڕیوایەتە : عن عائشة رضي الله عنها قال: سألت رسول الله ﷺ عن الجارية يُنكحها أهلها، أتُستأمر أم لا؟ فقال لها رسول الله ﷺ: «نعم تُستأمَر» فقالت: فقلت له: إنها تستحي، فقال رسول الله ﷺ: «فذلك إذنها، إذا هي سكتت» [ أخرجه البخاري في النكاح ] .

واتا : عائیشەی دایکی باوەڕداران (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە و دەڵێت : پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەبارەی ئەو کچەی کە کەسوکارەکەی دەیدەن بەشوو، ئایا پرسی پێدەکرێت ومۆڵەتی لێ وەردەگیرێت یان نا؟ پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموو: بەڵێ پرسیان پێ دەکرێت و مۆڵەتیان لێ وەردەگیرێت، عائیشە دەڵێت پێم ووت: ئەو کچە لەو کاتەدا شەرم دەکات وەڵام بداتەوە، ڕازی بوونی ئەوەیە ئەگەر بێدەنگ بوو.

١ – کچی منداڵ: دروستە باوك کچە بچووکە منداڵەی بدات بەشوو بەبێ مۆڵەت وەرگرتنی، حافظ ابن حجر (ڕەحمەتی خوای

لێ بێت) ئەڵێت: مۆڵەت هیچ مانایەکی نییە، ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی کە مۆڵەتەکەی لێ وەردەگیرێت نەزانێت مانای مۆڵەت چیە. یان بێدەنگ بوون وپێ ناخۆش بوونی وەك یەك بێت [فتح الباري ٩/١٩٣ ] .

بەڵگەش لە قورئان، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَأَنْكِحُوا الْأَيَامَى مِنْكُمْ ﴾[ النور: ٣٢ ].

واتا : کچە بێ مێردەکانتان بدەن بە شوو.

مەبەست لە ووشەی ( الايم ) ئەو ئافرەتەیە کە پیاوی نییە، بچووك بێت یان گەورە.

بەڵگەیش لە سوونەت: ئەبو بەکری صدیق (خوای لێ ڕازی بێت ) عائیشەی دابەشوو، تەمەنی تەنها شەشساڵ بوو، کاتێکیش گوازرایەوە تەمەنی نۆ ساڵان بوو [متفق علیه].

٢- ئافرەتی گەورەی بێوەژن: ئەو خۆی شوو دەکات، خۆیشی بۆی هەیە جیابێتەوە لە پیاوەکەی، بۆیە دروست نییە بێوەژن بەبێ ئیزن ومۆڵەت ورەزامەندی بدرێت بەشوو، مۆڵەتەکەشی دەبێت بە قسە و ووشە بێتن، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: « لا تُنكح الأيّم: حتى تُستأمر » [رواه البخاري ] .

واتا : ئافرەت نادرێت بە شوو، تاوەکو مۆڵەتی لێ وەرنەگیرێت.

حافظ ابن حجر (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ڕواڵەتی فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت مانای ووشەی ( الايم ) ئەو بێوەژنە دەگرێتەوە کە بە مردنی پیاوەکەی یان بە تەڵاقدانی بێوەژن کەوتبێت، چونکە لە بەبەرامبەر ووشەی کچدا هاتووە، ئەمەش مانای ئەصلی ئەو ووشەیە .

ماناکەی وای لێ دێت: عەقدی نیکاحی لەسەر نابەسترێت

هەتاوەكو داخوازی نەكرێت، ومۆڵەتی لێ وەرنەگیرێت.

بەغەوی دەڵێت: ئەگەر هاتوو وەلی ئەمرەكەی بە بێ ئیزن ومۆڵەتی بەشوویدا، ئەوا ئەو بەشوودانە دەدرێتە دواوە .

٣- كچی باڵغ: دروست نییە وەلی ئەمرەكەی بەشووی بدات، هەتاوەكو ڕای وەردەگرێت، پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) فەرموویەتی : « لا تُنكح البكر حتى تُستأذن، ولا الثيب حتى تُستأمر، فقيل له: إن البكر تستحي، فقال: إذنها صماتها - وفي رواية - البكر: يستأذنها أبوها » [ رواه البخاري ].

واتا: كچ بەشوو نادرێت، هەتاوەكو ئیزنی لێ وەردەگیررێت، هەروەها بێوەژنیش نابێت بدرێت بەشوو هەتاوەكو مۆڵەتی لێ وەردەگیرێت، ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا : كچ شەرم دەكات كە هیچ بڵێت، ئەویش فەرمووی: ئیزن وەرگرتنی كچ بێدەنگیەتی، لە ڕیوایەتیەكی تردا هاتووە : كچ باوكی داوای ئیزنی لێ دەكات .

ئەم ئیزن لێوەرگرتنەیش باوك وغەیری باوكیش دەگرێتەوە لەوانەی وەلی ئەمری ئەو كچەن، هەروەها باوكیش ناتوانێت بەبێ ئیزنی دەست بخاتە ماڵی كچەكەیەوە ئەگەر هاتوو باڵغ بوو، ابن القیم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەڵێت: ئاشكرایە كە ڕاكێشانی هەموو ماڵ وسامانی كچ بەبێ ڕەزامەندی خۆی ئاسانترە لە بە شوودانی كچێك كە بە ئارەزوو وڕەزامەندی خۆی خۆی هاوسەرەكەی هەڵنەبژاردبێت[ تەماشای زاد المعاد ج٥/٩٩ بكە].

بۆ زیاتر سوودمەند بوون لەسەر ئەم بابەتە بگەڕێوە بۆ پەرتووكی (المرأة بین تكریم الإسلام وإهانة الجاهلیة) لە نوسینی برای بەرێز : محمد إسماعیل المقدم .

وصلی الله وسلم علی سیدنا محمد وعلی اله وصحبه وسلم

سەرچاوە : پەرتووكی : (تكریم الاسلام للمرأة ) لە نووسینی : محمد جمیل زینۆ